# چەپکێک نامە

ئا: سەرنووسەر

*** نامەی یەکەم**

**کرکوک**

**٩٥٧/٢/٢٠ (١)**

**برای شیرینم کاک تاهر**

ڕۆژباش

بە هیوام لە خۆشیدا بژین. نامەتان گەیشت و حاڵی بووین.

نووسیبووتان لەلایەن ((تەئریخی) کۆی کەوا لا (ی) مەرحوومی باوکم کتێبێکی وا بووە، ئەوەی ڕاست بێ و باوەڕیش ئەکەن هیچ گۆرە (جۆرە) کتێبی وەهام نەدیوە و لە مەکتەبەی مەرحومیش گەڕام تێیدا نەبوو، تەنها ٦ نوسخە لە قامووسی (الاعلام) (١) کە بە ترکی نووسراوە، نەگەڕاوم ئایا تێدایە، یان نا، چونکە حاڵی حازر لە کەرکووک نییە، لە پارەوە بۆ سلێمانیان بردووە، ئەنێرم کە بێتەوە. (وە) ئەگەر هیچ مەعلووماتی تێدا بوو بەرامبەر کۆی، بۆتان تەرجومە دەکەم و تەقدیمی ئەکەم و جگە لەمەش پرسیار دەکەم، ئەگەر دەستم کەوت لە مەسادری تر. باقی تکا دەکەم ببوورن.

زۆر هەواڵی برایەکان دەپرسم، ئیتر خۆشیت


ئیمزا

براتان/ الرئيس

جەلال عەبدولڕەحمان شەرەف (٢)

ف ٤ ل ٢ ت

(١) قامووسی الاعلام: مەبەست لێی (قاموس الأعلام التركي)یە، ئینسایکلۆپیدیایەکی گەورەیە، لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە زمانی تورکی نووسراوە.، دانەرەکەی ناوی (شەمسەددین سامی فراشری)یە، ژمارەی جڵدەکانی، (٦) بەرگە، لە


كركوك
٩٥٧/٢/٢٠
براى شيرينم كاك طاهر
روژ باش.
بهيوام له خوشيدا بژين. نامه‌تان گه‌يشت و حالى بوين.
نوسيبوتان له‌لايه‌ن «تاريخى» كوى كرا لا مرحومى باوكم كتيبيكى وا بوه.
ئه‌وه‌ى راست بى و باوه‌ريشه ئه‌كه‌ن هيچ گوره كتيبى وه‌هام نه‌ديوه.
وله مكتبه‌ى مرحوميشى گه‌رام تيدا نه‌بو. ته‌نها ٦ نسخه له قاموس الاعلام كه
به تركى نوسراوه نه‌گه‌رام آيا تيدايه يان نا چونكه حالى حاضر له كركوك نيه.
له‌پاره‌وه بو سليمانيان بردوه. ئه‌نيرم كه بيته‌وه. وه ئه‌گه‌ر هيچ معلوماتى
تيدا بو به‌رامبه‌ر كوى بوتان ترجمه ده‌كه‌م و تقديمى ئه‌كه‌م. و جگه له‌مه‌ش
پرسيار ده‌كه‌م ئه‌گه‌ر ده‌ستم كه‌وت له مصادرى تر. باقى تكا ده‌كه‌م كه پيم
ببورن.
زور هه‌والى برايه‌كان ده‌پرسم. ايتر خوشيت.
براتان/ الرئيس
جلال عبدالرحمن شرف
ف ٤ ل ٢ ت

چاپخانەی تەهران لە ساڵی ١٣٠٦ی کۆچی چاپکراوە، بابەتەکانی تایبەتن بە ژیاننامە، سەرجەلە، کتێبی چاپکراو (التراجم، الأنساب، الكتب المطبوعة).

(٢) جەلال عەبدولڕەحمان شەرەف: یەکێکە لە یاریزانە بەناوبانگەکانی عێراق، ڕۆژی ١٩٤٤/٣/٦ لە شاری بەغدا لە دایک بووە، لە یاری تۆپی پێدا زۆر هەڵکەوتوو بووە، یەکێک بووە لە یاریزانە بەرچاوەکانی جامی ئاسیای ساڵی ١٩٧٦، لە یانەکانی (زەورا، الطليعة، الطلبة، نادي السك) یاری کردووە، ساڵی ١٩٧٩ وازی لە یاری کردن هێناوە، لە ٢٠٢١/١٢/٢٣ کۆچی دوایی کردووە.

*** نامەی دووەم**

**کاک تایەر، ڕۆژتان باش**

هیوام وایە لە کامەرانیدا بن. کاکە بەڕاستی من زۆر شەرمەزاری ئێوەم، چونکە بەهۆی هەڵەیێک نەهاتم بۆ سەر (پرسەکەتان) لە وەختی کۆچی دوایی دایکی خوا لێخۆشبووتان، (وە) کە تا ئێستا داوای بورینم لێتان نەکردووە، هەر لەبەر ئەمە بوو لە ئەمویست لە جێگاییێک تووشتان بم بە زار داوای ئەم بورینەتان لێ بکەم، ئیتر خۆشیتان و (ە) دووبارە داوای بورین دەکەم برام.


برات

ئیمزا

سابیر ئیسماعیل

بگێڕی قوتابخانەی زانست

١٩٥٩/٣/١ (١)



(١) سابیر ئیسماعیل: ناوی تەواوی (سابیر ئیسماعیل محەمەد)ە، یەکێکە لە پەروەردەکارە بەرچاو و گرنگەکانی شاری کۆیە کە سەدان ڕۆڵەی شارەکەی پێگەیاندووە. ساڵی ١٩١٠ لە کۆیە لە دایک بووە، خوێندنی (دار المعلمين الروستمية)ی لە بەغدا تەواو کردووە، دایکی ناوی زوبێدە عەبدوڵلایە، هاوسەرەکەی (زوهرە مەعرووف خەلیل)ە، تەنیا کچێکی لە پاش بەجێ ماوە کە ناوی مامۆستا شلێرە، ئێستا لە ژیاندایە و هاوسەری (م. فەوزی زەکی هەناری)یە. لە تەممووزی ساڵی ١٩٧٢، لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە، پاشان لە شاری کۆیە ناشتوویانە.

*** نامەی سێیەم**

**<u>هەولێر</u>**

**١٩٦٨/٢/١٦ (١)**

مامۆستای بەڕێز کاک تاهر، ڕۆژ باش

ئومێد ئەکەم سحەتتان باش بێت

زۆر بە پەرۆشەوە هەواڵی کۆچکردنی خاڵی خوا لێخۆشبووتان (کاک حەمەسدیق) (١) (م) بیست، بەڕاستی زۆر پێ(ی) غەمبار بووم، لە خوای گەورە داواکارم کە لە ڕیزی پیاوچاک و بەهەشتییان بێت و تەمەنی ئێوە و منداڵەکانتان درێژ بێت و خودا عەفووی بکا.

ئینشائەڵڵا ئەمە دوایی هەموو خەم و ناخۆشییەکتان ئەبێت و چیتر ناخۆشییان نابیننەوە.

گەلێک هەواڵی مامۆستا جەلال ئەپرسم
سەلام بۆ گشت مامۆستایان
ئیتر خواتان لەگەڵ

براتان

ئیمزا

ڕەشاد عەلی

مدرسة الخالدية — اربيل (٢)


**(١) حەمەسدیق، (حەمەسدیق عەبدوڵڵا بەگیخانی): لە ژمارەکانی پێشوودا لەبارەیەوە نووسیومانە.**

**(٢) ڕەشاد عەلی (١٩٣٤ — ١٩٨٤): لە شاری کۆیە لە دایک بووە، هەر لە کۆیەش بە خاک دەسپێردرێت. یەکێک لە مامۆستا بەناوبانگەکانی زمانی ئینگلیزی شاری کۆیە بووە، مامۆستایەکی لێهاتوو و زیرەک و بە هەڵوێست بووە. لە تەمەنی (٥٠)ساڵیدا بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کردووە، برای (م. ئیبراهیم عەلی ئەمین)ـە کە پێشتر بەرپرسی ناوچەی (پ.د.ک)ی کۆیە بووە.**

*** نامەی چوارەم**

**<u>اربیل- طیراوه</u>**

**١٩٦٨/٢/١٧**


هەولێر
٩٦٨/٢/٦
ماموستای بەڕێز کاک طاهر
ڕۆژباش
ئومێد ئەکەم صحەتتان باش بێت
زۆر بە پەرۆشەوە هەواڵی کۆچ کردنی خاڵی خوا لێ خۆش بوتان (کاک محمد صدیق) بیست بەڕاستی زۆر زۆر غەمبار بووم لە خوای گەورە داوا کارم کە لە ڕیزی پیاوچاکان و بەهەشتیان بێت و تەمەنی ئێوە و منداڵەکانتان درێژ بێت و خودا عفوی بکا. إن شاء الله ئەمە دوایی هەموو خەم و ناخۆشییەکانتان ئەبێت و چی تر ناخۆشیان نابیننەوە.
گەلێک هەواڵ ماموستا جلال ئەپرسم
سەلام بۆ گشت ماموستایان
ئیتر خواتان لەگەڵ
براتان
ڕشاد علی
مدرسة الخالدیة - أربیل

عەزیزم کاک تاهر

لەپاش سوئال و ئەحواڵ پرسینەو(ە)تان، بە وەفاتی خاڵت زۆر پێـ(ی) موتەئەسیر بووین، ئەمما کەس دەسەڵاتی ئیشی خوای نییە، (و) قسورمان عەفوو بکە، چونکە لەم مودەتە هەموومان نەخۆش بووین، وەئیلا هەر دەهاتم.


دایکی خەیروڵڵا چاوی منداڵەکانتان ماچ ئەکات، خودا بکا بۆ خۆتان سەلامەت بن و خوا لەویش و لە ئێمەش خۆش بێت.

ئیمزا

براتان

عەبد جاسم (١)

**(١) عەبد جاسم: ناوی تەواوی (عەبد جاسم محەمەدئەمین)ـە، ساڵی ١٩٠٢ لە شاری تەق تەق لە دایک بووە. یەکێک لە پیاوە ناودارەکانی ڕۆژگاری خۆی بووە، کەسێکی قسەخۆش و مەجلیس ئارا بووە. لە زمانەکانی عەرەبی و سریانی و کلدانی و عیبری شارەزا بووە. پۆلیسی خەیاڵە بووە، زۆر نوکتە و بەسەرهاتی سەرنجڕاکێشی هەیە، ئەگەر بنووسرابانەوە، ئەوە چەند کتێبێکی لێ**


اربیل - طیراوە
٩٦٨/٢/١٧
عزیزم کاک طاهر
لەپاش سوئال احوال پرسینەوتان. بەوفاتی خاڵت زۆر پێی متأثر بوین اما کەس دەسەلاتی ئیشی خوای نیە. و قصورمان عفو بکە چونکە لەم مدتە هەموومان نەخۆش بوین والا هەر دەهاتم.
دایکی خیراللە چاوی منداڵەکانتان ماچ ئەکات خودا بکا بوخوتان سلامەت بن. و خوا لەوی و لەئێمەش خۆش بێت.
براتان
عبد جاسم

دەردەچـوو. (٣) کـوڕ و (١) کچـی بەناوەکانـی: ئەکـرەم، د. خەیروڵـڵا، سـامی، قەدریـە، لـە پـاش بەجێ مـاوە، کـە هـەر چواریـان لـە ژیانـدا نەمـاون. لـە ١٩٩٧/٣/٢٢، هـەر لـە شـاری تـەق تـەق کۆچـی دوایـی کـردووە.

*** نامەی پێنجەم**


**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

پێشکەش بێت بۆ بەڕێز مامۆستا تایەر ئەحمەد حەوێزی

پـاش سـڵاو و هـەواڵ پرسـین، هیـوام وایـە هـەردەم بەختیـار و شـادمان بیت لـە ژیانـا، (وە) ئاواتەخـوازم کـە سـەرکەوتوو بـی لـە نووسـینە بـە نرخەکانـت، بـە ڕاسـتی قەوارەیەکـی گـەورەت پـڕ کردۆتـەوە بـۆ میللەتـە خۆشەویسـتەکەمان. (وە) ئـەم پارچـە هۆنراوەیـەم کـردە دیـاری بـۆ تـۆی بەڕێـز و خۆشەویسـت، هیـوام ڕەزامەندیتـە، (وە) خۆشـحاڵم بـە ڕاسـتکردنەوەی هـەر هەڵەیـەک ئەگـەر هەبـێ لـە هۆنراوەکـەم.

**مامۆستای تایەر ئەحمەد حەوێزی**

**باسی چیت بکەم دیارە بەڕێزی**


بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

پێشکەش بێت بۆ بەڕێز مامۆستا تایەر ئەحمەد حەوێزی

پاش سڵاو و هەواڵ پرسین هیوام وایە هەردەم
بەختیار و شادمان بیت لە ژیانا وە ئاواتەخوازم
کە سەرکەوتوو بی لە نووسینە بەنرخەکانت بەڕاستی
قەوارەیەکی گەورەت پڕ کردۆتەوە بۆ میللەتە
خۆشەویستەکان.
وە ئەم پارچە هۆنراوەیەم کردە دیاری بۆ تۆی
بەڕێز و خۆشەویست هیوام ڕەزامەندیتە وە خۆشحاڵم
بە ڕاستکردنەوەی هەر هەڵەیەک ئەگەر هەبێ لە هۆنراوەکەم

مامۆستا تایەر ئەحمەد حەوێزی
باسی چیت بکەم دیارە بەڕێزی

بۆ چینی ئێستا و پێشوو داهاتوو
جێگەی شایەن و باوەڕ و هێزی

هەردەم وەک هەنگ بەبێ ڕاوەستان
لە بۆ نووسینی مێژووی کوردستان

هەرچی ڕوو بدا باسی ئەم و ئەو
ئەی خەیە بەرچاوی بێگانە و دۆستان

**بۆ چینی ئێستا و پێشوو(و) داهاتوو**

**جێگەی شایەن و باوەڕ و هێزی**

**هەردەم وەکوو هەنگ بەبێ ڕاوەستان**

**لە بۆ نووسینی مێژووی کوردستان**

**هەرچی ڕوو بدا باسی ئەم و ئەو**

**ئەیخەیە بەرچاو، (و) بێگانە و دۆستان**

**بۆیە ئاواتم من لە خوای گەورە**

**هاوچەشنت زۆر کا لەو چەرخ و دەورە**

**تا میللەتی کورد پێی ببێ ڕزگار**

**لە کۆت و بەند و ئەو تەم و هەورە**

دانانی ئەم هۆنراوەیە

لە (بەرواری ؟) ١٩٨٦/٦/١٢

ئیمزا

سەیید بورهان پاکی کوڕی سەیید گوڵ (١)

بیطرە (صحەی حەیوانی)، ناحیەی دێگەڵە (شۆڕش).

١٩٨٦/١١/٢٤

**(١) سـەیید بورهـان پاکـی کـوڕی سـەیید گـوڵ: نـاوی تـەواوی (سـەیید بورهـان سـەیید گـوڵ بەرزنجی)یە، ساڵی ١٩٥٧ لـە شـاری کۆیـە لـە دایک بـووە، دەسـتی لـە هۆنینـەوەی هەڵبەسـتدا هەبـووە، نازنـاوی (پـاک)ی بـۆ خـۆی هەڵبـژاردووە، پێـش کۆچـی دوایـی، دیوانـە شـیعرەکەی چـاپ کـردووە. دەرچـووی پەیمانگـەی ئامادەکردنـی مامۆسـتایانی هەولێـرە، هاوسـەرەکەی کـە نـاوی (سـیهام شـێخ باقـی بەرزنجی)یـە ئێسـتا لـە وڵاتـی هۆڵانـد دەژی، سـاڵی ٢٠١١ بـە نەخۆشـی شـێرپەنجە کۆچـی دوایـی کـردووە.**

*** نامەی شەشەم**

**لە هەڵبەستەکانی ئەم دواییەم:**

**وەڵامی دۆستێک**

**پێم دەڵێی بۆچی ناچییەوە کۆیە**

**خۆ شاری کۆیە، هەوارگەی تۆیە؟**

جێی هەزار ساڵەی باب و باپیرتە
سەرچاوەی هۆش و باوەڕ و بیرتە
بێشکەی منداڵی و دنیای شادیتە
جەرگەی خەباتی ڕێی ئازادیتە
بە هەشتی ژینی کامەرانیتە
سەیرانگەی تافی نەوجوانیتە
ڕوو بکە باواجی و هەیبە سوڵتانت
مەست بە، بە خۆشی باخ و ڕەزانت
***
برا کوا جوانی هەیبە سوڵتانم
خۆشیی سەیرانگەی ئۆمەر خوچانم؟
کوا کەندەکۆخ و باخی ئاشانم
هەرا و هەڵپەرکێی کانی بسکانم؟
کوا سەیر و سەفای مێرغوزارانم
کۆڕەوی (١) دەستەی چاو خومارانم؟
کوا کەیف و سەفای جاری جارانم
بەزم و ئاهەنگی کۆڕی یارانم؟
کۆیە بە جارێ باری گۆڕاوە!
کاڵا و بەرگێکی ڕەشی پۆشاوە!
شاری هێمنی و شیعر و جوانی
کەوتۆتە گێژی پاشاگەردانی!


لە هەڵبەستەکانی ئەم دواییەم :
وەڵامی دۆستێک

کێ ئاشتیخواز بوو ئەمڕۆ شەڕخوازە
بۆ براکوشتن وا سەرفیرازە!!
هەر هێز لە کارە و حەقناسی پەشمە
خەباتی باوەڕ هەر کەشمە کەشمە!
ڕۆژ ڕۆژی چەکە و چەکبازی باوە
هەر بگرە بگرە و هەر ڕاوە ڕاوە!
لە جێی گەردانە و مەدالیای زێڕین
ڕشتەی گوللەیە و قەوارەی برین!
زوربەی دۆستانم لە تازە و کۆنە
نیشتەجێی گۆڕی گردی کەکۆنە
لە هەموو لایێ هەر ڕۆڵە ڕۆیە
لەناو هەر دڵێ زامێ بەسۆیە!
لەباتی خەندە زاری و گرینە!
لە جێگەی بەزمی شەوارە، شینە
خەرمانی خەمی شارەکەی کۆیە
ئەمڕۆ بە جارێ لە دڵما کۆیە!
چی لەناو شار و شاخ و چەمایە
لەنێو خەڵتانی خوێن و خەمایە!
ئەم کاروبار و دەسگا و دیمەنە
تابلۆی خوێناوی دەست ئەهریمەنە
***
بەڵام لام ڕوونە ئەم تۆف و تەمە
ئەم کارەسات و ئەم خوێن و خەمە
بەیانی بۆمان پرشنگی نوورن
مزگێنی هێنی شەفەقی سوورن
شەوقی ڕووناکی ڕێگەی ژیانی
ڕۆشن کەرەوەی ڕێی تێکۆشانن
***
خەباتی خۆم و دەستەی دۆستانم
کاتێ، هاتەبەر بۆ کوردستانم!

کۆتری ئاسایش خوێندنی بە شادی
گۆرانی خۆشی ئاشتی و ئازادی

بەرگی مەینەتی لە بەرما ئەدڕم
گەردی ماتەمی لە دڵما ئەسڕم
دەچمەوە شاری شیعر و جوانی!
ئەژیم بە خۆشی و بە کامەرانی!!
کەریم شارەزا
هەولێر: ١٩٦٩/١٠/٢٧
(١) کۆڕەو: موکب.

*** نامەی حەوتەم**


**هەولێر**

**قوتابخانەی هەڵگورد**

برای بەڕێزم کاکە تاهیر حەوێزی

دەستەکانت دەگوشم و داوای تەندروستیتان بۆ دەکەم، وا لەگەڵ نامەمدا ٣,١٦٠ دینارم بۆ ناردن هی (شەوچەرە)، بەپێی ئەم لیستەی خوارەوە کتێبخانەکان فرۆشتوویانە:

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ٦٠٠ | ١ | پارەی ١٠ دانە (کتێبخانەی سەرکەوت) |
| ٨٠٠ | ٠ | پارەی ٥ دانە (کتێبخانەی ئەربیل) |
| ٧٦٠ | ١ | پارەی ١١ دانە (کتێبخانەی خۆشناو) |
| ١٦٠ | ٣ | ٢٦ دانە |


هەولێر
برای بەڕێزم کاکە طاهر حوێزی
قوتابخانەی هەڵگورد
دەستەکانت دەگوشم و داوای تەندروستیتان بۆ دەکەم
وا لەگەڵ نامەمدا ٣,١٦٠ دینارم بۆ ناردن هی
(شەوچەرە) بەپێی ئەم لیستەی خوارەوە کتێبخانەکان
فرۆشتوویانە:
فلس دینار
٦٠٠ ١ پارەی ١٠ دانە (کتێبخانەی سەرکەوت)
٨٠٠ ٠ ٥ دانە (کتێبخانەی ئەربیل)
٧٦٠ ١ ١١ دانە (کتێبخانەی خۆشناو)
١٦٠ ٣ دینار ٢٦ دانە
برا لە ١٩٧١/٩/٥ بە ناوی تۆوە وابوو عەریزەم
دا ئیدارەی محلی بە رۆژێک کتابی ژمارە ٨٥٠٣ لە ٧١/٩/٥
یان بۆ دەرچوواندم و دایان بە تربیەی هەولێر کەچی ئەوان
پاش ١٠ جار هاتوچۆم توانیمان لە رۆژی ٩٧١/١٠/٣ دا
ئەم تعمیمەی بۆم ناردی بۆمان دەربکەن بە ڕێدانی و
کڕینی بۆ کتێبخانەکانی قوتابخانەکان بە شێوەی اختیاری.
وە ناشهێلن بۆیان بنێرمە قوتابخانە بەڵکو تشجیعیان دەکەم
بچن لە کتێبخانەکان بکڕن. وا دووبارە ژمارەی زیاترم لە
کتێبخانەکاندا داناوە بۆ فرۆشتنیان بە قوتابخانەکان.

برا، لە ١٩٧١/٩/٥ بە ناوی تۆوە وابوو عەریزەم دا ئیدارەی محەللی، بە ڕۆژێک کیتابی ژمارە ٨٥٠٣ لە ٧١/٩/٥ (١٩)یان بۆ دەرچوواندم و دایان بە تەربیەی هەولێر، کەچی ئەوان پاش ١٠ جار هاتوچۆم، توانیمان لە ڕۆژی ٩٧١/١٠/٣ (١) دا ئەم تەعمیمەی بۆم ناردی بۆمان دەربکەن بە ڕێدانی و کڕینی بۆ کتێبخانەکانی قوتابخانەکان بە شێوەی ئیختیاری.

(وە) ناشهێڵن بۆیان بنێرمە قوتابخانە، بەڵکوو تەشجیعیان دەکەم بچن لە کتێبخانەکان بکڕن. وا دووبارە ژمارەی زیاترم لە کتێبخانەکاندا داناوە بۆ فرۆشتنیان بە قوتابخانەکان.

بەڕاستی کۆییە خۆییەکان لە دژی دەدوێن و خەڵکمان لێ سارد دەکەنەوە، بەڵام هەرچۆنێک بێ ئەم مانگە سەرفیاتێکی مەیلەو باشی دەبێ. ئیتر سڵاوی زۆرمان بۆ زێنەب خان و منداڵەکان، (و) داکی پشتیوان زۆر سەلامی هەیە بۆتان و کوڕەکان دەستتان ماچ دەکەن، ئیتر هەر خۆش بن برا.

برات
ئیمزا
کەریم شارەزا
(١) ٩٧١/١٠/٥

*** نامەی هەشتەم**

**بۆ بەڕێز مامۆستا تاهر ئەحمەد حەوێزی**

**ئەندامی یەکێتیـ(ی) نووسەرانی کورد**

بەپێی بڕیاری دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتیـ(ی) نووسەرانی کورد- ناوچەی گشتی-

(١) هەر ئەندامێک تا ڕۆژی ٩٧١/١١/١ (١) ئابوونەی کۆن و نوێ نەدات، ئەندامێتی نامێنێ.

(٢) ئەبێ هەر ئەندامێک (٥٠٠) فلس بدات، ئابوونەی بەشداربوون لە گۆڤاری (نووسەری کورد).

جا تکاتـان لـێ ئەکەیـن کـە بـە زووتریـن کات ئابوونـەی سـاڵانەی یەکێتـی و هـی گۆڤـار بـدەن بـە ژمێریـاری لقـی یەکێتییەکەمـان

ئیمزا

سەرۆکی یەکێتی- لقی هەولێر

عیزەددین فەیزی (١)

٩٧١/١٠/٢٨ (١)

(١) عیزەددیـن فەیـزی (١٩١٧ — ١٩٨٥/١٢/٢٢): لـە ژمارەکانـی پێشـوودا لـە بارەیـەوە نووسـراوە.

*** نامەی تۆیەم**

**مامۆستای بەڕێز و مێژوونووسی گەلەکەمان تاهر ئەحمەد حەوێزی**

ئەم کاتەتان شاد:

بەوپـەڕی سـوپاس و پێزانینـەوە دیارییە بەنرخەکەتم وەرگرت (مێـژووی کۆیـە)، بەشـی یەکـەم لـە بەرگـی دووەم، چاپـی سـاڵی ١٩٨٤، زۆر سوپاسـت دەکـەم.

ئـەم کتێبـەت و بەرگـی یەکەمیشـت زۆر بـە وردی خوێندوومەتـەوە و کردوومـن بـە سـەرچاوە بـۆ ئـەو بەرنامـە تەلەفزیۆنییـەی کـە سـەبارەت بـە مێـژوو و جوگرافیـای کوردسـتانی گەورە (یـە)وە مـاوەی چـوار سـاڵە لـە تەلەفزیۆنـی سۆسیالیسـت کەناڵـی سلێمانیدا هەفتانـە ئامـادە و پێشکەشـی دەکـەم و تاکـوو ئەمـڕۆ کـە ڕێککەوتـی ١٩٩٧/٧/١٥، ژمارەی ئـەو بەرنامەیـەم گەیشـتووەتە ٨٥ حەڵقـە، ئەگـەر هاتـوو دەسـتت کـەوت نوسخەیەکیشـم لـە بەرگـی یەکەمتـم بـۆ بنێـری زۆر سوپاسـت دەکـەم، چونکـە دەسـتم ناکـەوێ بیکـڕم. منیـش تاکـوو ئێسـتا ٣ کتێبـم بـە چـاپ گەیانـدووە.


١- گـوڵ گەشـتێک بـە ناوچەکانـی کوردسـتاندا/ سـاڵی ١٩٨٤ چاپـم کـردووە و جوگرافیـای شـارەکانی کوردستانە (١).


٢- دوو شـانۆنامە لـە مێـژووی کـوردەوە، سـاڵی ١٩٨٥ چاپـم کـردووە و دوو شـانۆنامەی مێژوویـی لەخـۆ گرتـووە (شـاجوانی دەربەنـد فەقـەرە) و (دایە کەیغان)ــە (٢).

٣- گـەرووی بازیـان/ بەشـی یەکەمـە لـە دیوانـی شـیعرەکانم و سـاڵی ١٩٨٧ چاپـم کـردووە. نوسخەم لـێ هەڵبکـەوێ، لـە هـەر سـێکیانت، بـە دیـاری بـۆ دەنێـرم.

٤- دوو کتێبم لەژێر چاپدان بەناوونیشانی:

١- قـەڵا دێرینەکانـی کوردسـتانی گەورەمـان





(و)، ٧٠٠ قەڵای لەخۆ گرتووە.

٢- گەلیی زاخۆ، بەشی دووەمە لە دیوانی شیعرەکانم (٣).

ڕێز و سڵاوم هەیە بۆ بەڕیزت و پشت بەخوا ئەگەر ڕێم کەوتە کۆیە، سەردانی بەڕێزت دەکەم، هەر شاد بیت.

ئیمزا

لەیلان

١- ناوی تەواوم (شەفیقە عەلی حسێن)ـە (٤)

٢- نازناوم (لەیلان)ـە.

سلێمانی

١٩٩٧/٧/١٥

پەراوێزەکان:

(١) ئەم کۆشیعرە بریتییە لە (٧) پارچە شیعرە.

(٢) ئەم دوو شانۆنامەیە، هونەرمەند ئەحمەد سالار پێشەکی بۆیان نووسیوە.

(٣) ئەم کۆشیعرە بریتییە لە (٣٠) پارچە شیعر.

(٤) شەفیقە عەلی حسێن (لەیلان): ناوی تەواوی شەفیقە عەلی حسێن حاجی عەبدوڵڵای کەرکووکلی زادەیە، نازناوی (لەیلان)ـە، وەک خۆی دەڵێ د. کوردستان موکریانی ئەو نازناوەی بۆ داناوە. ساڵی ١٩٣٨ لە سلێمانی لە دایک بووە، لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگی شاری سلێمانییە، باپیرە گەورەی هەر لەو شارە، کە تازە دروست کراوە، بە پیشەی جۆلاییەوە خەریک بووە، هەرچەندە باپیرە گەورەیان لە چوارتاوە هاتووەتە شاری سلێمانی و هیچ ئەندامێکی بنەماڵەکەیان لە کەرکووک لە دایک نەبووە، بەڵام لە سلێمانی بە کەرکووکلی زادە ناویان ڕۆییوە. دایکی باپیرە گەورەیان ساڵانێک هەر کچی بووە، کە بیستوویانە لە کەرکووک باباگوڕگوڕ هەیە، لەوکاتەدا چوونەتە سەر باباگوڕگوڕ، چونکە ئەوکاتە دایکی سکی پڕ بووە، داوای کوڕیان لێ کردووە. (باباگوڕگوڕ لەپڕ هاتم، بە گوڕ هاتم، بۆ کوڕ هاتم)، ئەوکاتە ئەمە بەسەر زمانی خەڵکەوە بووە، کە خوا کوڕیان دەداتێ ناویان ناوە (عەبدوڵڵا)، ئەمە بووەتە یەکەم کوڕی باپیرە گەورەیان، باوکی کە هەڵی پەڕاندووە پێی وتووە حەمە کەرکووکی، وردە وردە حاجی عەبدوڵڵا کەرکووکلی زادەی بەسەردا دەبڕێ.

حاجی مەلا سەعید کەرکووکلی زادە مامی باوکێتی، لە ئیستەنبوڵ ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران (عضو مجلس المبعوثین)ی دەوری عوسمانلی بووە، هەروەها لە حکوومەتی شێخ مەحموودی حەفید وەزیری عەدلیە بووە. دایکی ناوی سدیقە عەلی بەگی قادر بەگ بووە، باوکی دایکی کە لە سوپاکەی شێخ مەحموود بووە، لە کاتی بەرەنگاربوونەوەی سوپای داگیرکەری ئینگلیز شەهید دەبێ.

لەگەڵ ئەوەی دەوروبەرەکەی حەزیان نەکردووە بخوێنی، بەڵام بە پێداگری و سووربوونی خۆی چووەتە بەر خوێندن، تەنانەت لە هاوینان چووەتە خولی هاوینە بۆ خۆبەهێزکردن. سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لەو شارەدا تەواو کردووە، دوایی بۆ خوێندن چووەتە زانکۆی بەغدا و لەوێ بەکالۆریۆسی لە ئابووری و کارگێڕی وەرگرتووە. یەکەم جار لە کارگەی جگەرە دامەزراوە، لە دوای ڕاپەڕین وەک فەرمانبەرێک، لەسەر ئاستی هەموو کارگەکانی وەزارەتی پیشەسازی و وزە تێزێکی نووسیوە، لەوێوە تێزەکەی ڕەوانەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەکرێ، ئەوانیش بەبێ ئەوەی بهێڵن کەس بزانێ تێزەکە هی کێیە، هەڵیان سەنگاندووە، لەناو هەموو ئەوانەی لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و شارەکانی دی تێزیان نووسیوە بۆ مووسڵی دەنێرن، لەوێ بە پلەی ئیمتیاز دەرچووە، بەهۆی ئەو تێزەوە ناونیشانەکەی بووەتە (خبیر- شارەزا) و بۆ وەزارەتی کارەبا گوێزراوەتەوە، ئێستا خانەنشینە، بێجگە لەو بەرهەمە چاپکراوانەی لەو نامەیەدا باسی کردوون، ئەو بەرهەمانەی دیکەشی هەیە:

(١) بەرگی سێیەمی شیعرەکانی بەناوی (دەرەتەنگی هەڵدانەوە)یە.

(٢) چوار بەرگی کتێبی مێژوو و شوێنەوار کە ساڵی ١٩٨٧ تەواوی کردووە، نزیکەی ١٨٠٠ لاپەرەیە، دواتر کە دیویەتی کەس بۆی چاپ ناکا، ساڵی ٢٠٠٩ لەسەر ئەرکی خۆی چاپی کردووە، بەرگی دووەمی هەر لەو ساڵەدا چاپ کردووە، بەرگی سێیەم و چوارەمی ساڵی ٢٠١٠ چاپ کراوە، سەرەڕای ئەو کتێبانەی چەندان کتێبی دەستنووسی دیکەشی هەیە کە تا ئێستا چاپ نەکراون. لە دوای ڕاپەڕین لە زۆر کەناڵی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی بەرنامەی سەبارەت بە مێژووی میللەتەکەی پێشکەش کردووە، زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و ئەڵمانی دەزانێ.